# ژینگە چییە؟

# ژینگە Environment

بریتییە لەو ناوەندە سروشتییە هاوسەنگەی کە زیندە بوونەواران بە هاوسەنگی تێیدا دەژین، پێک دێت لە کۆمەڵێک هۆکار و گۆڕانکاری کیمیایی و فیزیایی و بایۆلۆجی لە چوارچێوەی جوگرافیای بوونەوەراندا کە تێیدا دەژین.

## زانستی ژینگە Ecology

ئەو زانستەیە کە لە سەرجەم پیکهاتەکانی ژینگە دەکۆڵێتەوە و دیاریکردنی کار و چالاکییەکانی مرۆڤ تیایدا.

# چەمکی زانستی ژینگە

زانستەکانی ژینگە بریتییە لە هەموو ئەو زانستانەی کە پەیوەندیدارە بە ژینگەوە وەک زانستی زەویناسی، کەشناسی، زیندەوەرزانی، فیزیا، کیمیا، خاک، ئابووری، دارستان، ئاو، دەریا و... هتر.

* ژینگە تەنیا بابەتێک یا تەوەرێک نییە، بەڵکوو ئەمڕۆ و لە دەرئەنجامی پەلهاویشتن و پەیوەندیداربوونی ژینگە بە زۆرێک لە زانستەکانەوە پێویستە زانایانی ژینگە و ژینگەناسان و ژینگە دۆستان زانیارییان دەربارەی زانستەکانی ژینگە هەبێت. وەک زانستی زەویناسی، کەشناسی، زیندەوەرزانی، فیزیا، کیمیا، خاک، ئابووری، دارستان، ئاو، دەریا، بەرگە هەوا، ژینگە دروستی، چاودیری ژینگە، ئیدارەی ژینگە و چاودێری ژینگە لە هەموو ڕووەکانیەوە ڕۆشنبیری ژینگەیی و گۆمەڵگە کە ئەمانە بابەتە گەورەکانی ژینگەن لە جیهاندا.

# پۆلێنکردنی ژینگە:

## لە پۆلێنی گشتیدا ژینگە دابەش دەبێ بۆ دوو بەش:

١- ژینگەی سروشتی: ئەو ناوەندەیە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی سادە تێیدا دەژی، سوود لە سەرجەم ئەو پیکهاتانە وەردەگریت کە سروشت بۆی دابین کردووە و ژینگە بە سووڕی ئاسایی خۆیدا دەڕوات لە پاراستن و ئاڵوگۆڕی سروشتیدا، بە شیکردنەوەی پاشماوەکان بۆ توخم و مادە سەرەتاییەکان بەمەش جارێکی تر یەکەی بەرهەمهینان سوودی لێ وەردەگیریت بۆ دووبارە دروستکردنەوەی خۆراک.

## ٢- ژینگەی دەستکرد:

**پاش ئەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤایەتی بە خۆوەی بینی بە جۆرێک کە چەندەها شاری گەورە و کارگەی زەبەلاح و سووتاندنی ملیۆنەها بەرمیل نەوت لە ڕۆژیکدا و دەرهێنانی هەزاران تەن کانزای ژێر زەوی و بڕینەوەی هەزاران هێکتار زەوی دارستان، لە دەرئەنجامی ئەمانە (ژینگەی دەستکرد) دروست بوو.**

**پێشکەوتنی مرۆڤایەتی مەترسی خستە سەر ژینگە، ژینگە نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە مرۆڤ لە ماوەی ئەم چەن سەدەیەی دواییدا دروستی کرد، داهێنانەکانی مرۆڤ بوونە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و پلەی گەرما و پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکان و بڕینەوەی دارستانە گەورەکانی جیهان، ئەمە و هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ بەکارهێنان و دەرهێنانی کانزاکان هاوسەنگی ژینگەی شێواند و سروشتی زەوی گۆڕی بۆ ژینگەیەك کە دەستکردی مرۆڤ خۆی بوو.**

٣- ژینگەی شارستانی مرۆ ڤ: پێهکاتەی ژینگەی شارستانی مرۆ ڤ لە دوو لایەنی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم/ لایەنی مادی ئەویش پێک هاتوە لە هەموو شتێک کە مرۆ ڤ توانیویەتی دروستی بکات وەک خانوو پۆشاک و ئامرازی گواستنەوە ئەو ئامێرانەی کە بەکاری دێنین لە ژیانی ڕۆژانەدا.

دووەم/ لایەنی نامادی وەک رێکخستن و دانانی یاسا و بەکارهێنانی ژینگە بۆ بەرهەمهێنانی کەل و پەل و خزمەتگوزاری،هەر وەها لایەنی هەڵسوکەوت و ڕۆشنبیری مرۆ ڤ دەگرێتەوە.

# Environment Pollution پیسبوونی ژینگە

بریتییە لە هەموو گۆڕانکارییەکی فیزیایی و بایۆلۆجی و کیمیایی، کە سروشتی ئاو و هەوا و خاک بگۆڕێت و ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە مرۆڤ و بونەوەرەکانی تر.

# جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە

- پیسبوونی هەوا
- پیسبوونی ئاو
- پیسبوونی خاک
- پیسبوون بە تیشک
- بیسبوونی دەنگ
- پیسبوونی بینین
- ژەهراویبوونی خۆراک
- پیسبوونی ژینگە بە تیشکی ئەتۆمی

# پیسبوونی هەوا

مرۆڤ هەر لەو کاتەوە کە ئاگری بەکار هێناوە دەستی بە پیسکردنی هەوا کردووە شۆڕشی پیشەسازی بە دووکەڵە خۆڵەمێشییەکەی ئەم پیسبوونەی زیاد کرد، کاتێک پیسبوونی هەوا ڕوو دەات ئەگەر گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سەرەکی هەوادا ڕوو بدات ئەگەر پێکهاتەی تر تێکەڵ بوو ئەوا زیان بە زیندەواران دەگەیەنیت.

ئەنجومەنی کۆنگرێسی ئەوروپا پێناسەی ئەم جۆرە پیسبوونەی بەم جۆرە شێوازە کردووە: "هەوا پیس دەبێت کاتێک هەر ماددەیەکی تێدا بێت کە گۆڕانکاری گرنگ لە ڕێژەی ماددە سەرەکییەکاندا بکات

# پیسبوونی هەوا

ا- پیسبوونی سروشتی ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە کە سروشتین و مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە لەوانە:

١- گڕکان

٢- تۆز و خۆڵ

٣- ئاگرکەوتنەوە

ب- پیسبوونی ناسروشتی (دەستکرد): ئەمەش ئەو هۆیانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی ئەو چالاکیانەی مرۆڤ دەبێت وەک کارگەکان و سوتانی سوتەمەنەنی و پاشماوەی کارگەکان .

# کاریگەری پیسبوونی هەوا لەسەر ژینگە

١- کاریگەری لەسەر مرۆڤ:
**ڕێخراوی تەندروستی جیهانی لە ئەوروپا دووپاتی کردەوە کە لەو شوێنانەی کە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە دەرکەوتووە کە تووشی جۆرەها نەخۆشی بوونەتەوە و کاریگەری هەبووە لەسەر کۆئەندامی هەناسە و دڵ و توشبوون بە شێرپەنجە.**

٢- کاریگەری پیسبوونی هەوا لەسەر ئاژەڵەکان:
**کاریگەری پیسبوونی هەوا لەسەر ئاژەڵ بە هۆی خواردنی ئەو ڕووەکانەوە دەبێت کە پیسبوونی هەوا کاریگەری لێکردوون**

٣- کاریگەری پیسبوونی هەوا لەسەر ڕووەکەکان

ئەو پیسکەرانەی زیان بە ڕووەک دەگەیەنن وەک ئۆزۆن و ئۆکسیدەکانی گۆگرد و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و گازە ئۆکسیدەکان و کلۆرەکان کە هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و لەناوچوونی دارستانەکان و لە ڕێگەی نزمکردنەوەی کرداری ڕۆشتنەپێکهاتن.

٤- کاریگەری پیسبوونی هەوا لەسەر کەش و هەوا

زیادبوونی گازەکان و خۆڵ و تۆز لە هەوادا کاریگەری لەسەر کەش و هەوا هەیە. وەک بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و تواندنەوەی سەهۆڵبەندەکان و ژێرئاوکەوتنی کەناراوە نزمەکان، پیسبوونی هەوا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بارانبارین وە دەبێتە هۆی دروست بوونی ترشە بارانەکان.

پیسبوونی ئاو:

**بریتییە لە گۆڕینی سیفەتی فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆجییەکانی ئاو کە بە هۆی لێچوون لە ئاوی زێراب و شلەمەنییەکان و گازەکان و تەنە ڕەقەکان و پاشماوەی زبڵ و خاشاک یان مێرووکوژ تێکەڵ بە ئاوی خواردنەوە دەبن** پیسبوونی ئاو: **بریتییە لە گۆڕینی سیفەتی فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆجییەکانی ئاو کە بە هۆی لێچوون لە ئاوی زێراب و شلەمەنییەکان و گازەکان و تەنە ڕەقەکان و پاشماوەی زبڵ و خاشاک یان مێرووکوژ تێکەڵ بە ئاوی خواردنەوە دەبن.**

# پیسبوونی خاک

خاک بە سێیەم پێکهاتەی ژینگە و بە بەهاترین سامانە سروشتییەکان دادەنرێت، کە بە هۆی چالاکی نادروستی مرۆڤەوە پیسبووە، دەتوانین بڵێین پیسبوونی زەوی بریتییە لە هەر گۆڕانکارییەکی فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆجی لە زەویدا کە دەبێتە هۆی پەککستنی خاک، هەروەها بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی بۆ دروستکردنی دامەزراوەی خزمەتگوزاری و ڕێگەوبان.

# پیسبونی دەنگ یان بیستن (ژاوەژاو)

یەکێکە لە جۆرەکانی بیسبوونی فیزیاوی **کە مرۆڤ بێزار دەکات و کۆئەندامی بیستن توانای وەرگرتنی نییە و هەر جۆرە دەنگێک کە لە لای بیسەر ناسراو نەبێ.**

**زانایانی بواری ژینگەدیاریان کردووە کە مرۆڤ دەبێت لە ژینگەیەکدا بژی کە ڕێژەی ژاوەژاوەکەی لە (٣٠ - ٥٠) دیسیبڵ زیاتر نەبێت، بەڵام ئێستا بە هۆی چڕیدانیشتوان و زیادبوونی پڕۆژەکان هۆکارەکانی گواستنەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە لە زۆر شوێن (٨٥ - ٩٠) دیسیبڵ هەیە و لە زۆر کارگەدا ئەو ژاوەژاوە لە (٩٠ - ٩٥) دیسیبڵ زیاترە.**

# جۆرەکانی ژاوەژاو ئەمانەن:

١- ژاوەژاوی کارگەکان.
٢- ژاوەژاوی هۆکارەکانی گواستنەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە.
٣- ژاوەژاوە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئاهەنگگێڕان و کۆڕ و سیمینارەکان و بەکارهێنانی بڵندگۆ.
٤- سروشتییەکان وەک هەورەگرمە و هەژەی بای ڕەشەبا و خوڕەی لافاو.

# سیستەمی ژینگە

بریتییە لە یەکەیەکی سروشتی لە پێهکاتەی زیندو و نازیندوەکان پێکدێت کە کار لە یەک دەکەن وە سیستەمێکی نەگۆڕی هاوسەنگ دروست دەکەن و تێیدا مادە ئاڵوگۆڕدەکەن لە نێوان پێکهاتە زیندوو نازیندوەکان بە ڕێڕەوێکی بازنەیی.

پێکهاتەکانی سیستەمی ژینگەیی: سیستەمی ژینگە لەم ڕەگەزانە پێکدێت

١- ڕەگەزە نازیندوەکان وەک ئاو هەوا خاک

٢- ڕەگەزە زیندوە بەرهەمهێنەکان وەک ڕووەک بەرهەمی خۆی لە ڕەگەزە نا زیندوەکان دروستدەکات.

٣- ڕەگەزە زیندوە بەکارهێنەکان وەک ئاژەلی گوشت خۆر و مرۆ**ڤ.**

**٤- شیکەرەوەکان وەک بەکتریا و کەروەکان مادە** زیندوەکان شیدەکەنەوە پارچە پارچەکردنەوە هەڵوەشانەی بوونەوەرە ڕووەکیەکان و ئاژەڵیەکان وە دیان گۆڕیت بۆ ئاسان و ساکار ڕووەکەکان سوودی لێ وەردەگرن.

# هاوسەنگی سیستەمی ژینگەیی

هاوسەنگی ژینگە بریتییە لە هاوسەنگی نێوان پێکهێنەرەکانی ژینگە بە جۆرێک هەموو پێکهێنەرە زیندوو و نازیندووەکان کارلێک بکەن بە جۆرێک ئەم کارلێکە بەردەوام ژیان ببەخشێت بەم پێکهێنەرانە وێڕای ئەنجامدانی ئەرک و کاری خۆیان بە جوانترین شێوە کەواتە ئامانجی هاوسەنگی مانەوەی ڕەگەزەکانی ژینگەیە لە دۆخی ئاسایی خۆیان لە هەموو قۆناغەکانی هاوسەنگیدا ئەوەش هۆکارێکی گرنگە بۆ مانەوەیان لەم چوارچێوەیەدا.

خەسڵەتکانی هاوسەنگی سیستەمی ژینگەیی:

١- مانەوە

٢- نوێ بوونەوە

٣- جێگیری و ئارامی

٤- پاکی

٥- گەشەی هاوسەنگ

# تێکچوونی هاوسەنگی ژینگەیی

هاوسەنگی ژینگە بەردوام دەبێت نێوان پێکهاتەکانی ژینگە ئەگەر هاتوو بارو دۆخی سروشتی نەگۆڕا وەک پلەی گەرما و باران بارین یان گۆڕانی زیندەگی یان دەستتێخستنی مرو ڤ نەبوو.

بەڵام چەند هۆکارێک هەن دەبنە هۆی تیکدانی ئەو هاوسەنگییە بریتینەلە:

١- هۆکاری سروشتی : گۆرانی بارودۆخی سروشتی لە ئەنجامی گۆرینی یەکێک لە بنەماکانی سروشت وەک پلەی گەرما، رێژەی باران بارین، ووشکە ساڵی، لافاوە تێکدەرەکان، ئاگر کرتنەوە لە دارستانەکان کە دەبێتە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە بوونەوەرە زیندووەکان یان نەمانیان و فەوتاندنیان.

## ٢ـ هۆكارى نا سروشتى وه چاڵاكەيانكى مرۆ ڤ دابەش دەبێت بۆ:

أ- سيستەمى كشتوكاڵى و دارستانەكان: لە ئەنجامى گۆرينى مرۆ ڤ دارستانەكان بۆ زەوى كشتوكاڵى وه تێكدان و نەمانى هەندێك لە دارستانەكان كە نزيكەى (٢٨%) كيشوەركان دارستانە تێدايە بوه هۆى دروست بوونى ترسناكى لە سيستەمى ژينگەيى بە تايبەتى لە هاوسەنگى داواكراو لە نێوان ڕێژەى هەريەك لە ئوكسجين ودووەم ئۆكسيدى كاربۆن لە هەوادا.

ب- هێنانیی زیندەورێک بۆ ژینگەیەکی نۆی ( ناوچەیەکی نویَ) کە ئەو ناوچەیە هەموو پێداویستیەکی مانەوەو ژیانی ئەم زیندەوەرەی تێدا بێت.

وەک نموونە دانیشتوانی دوورگەی هاوای چەند کەروێشکی هینا لە م ناوچەیە لە سەرەتادا خواردنی پێویست هەبوو کەش و هەوای پێویست هەبوو و دوژمنی سروشتیان نەبوو، ئەم بارەدۆخە بوە هۆی ئەوەی ژمارەیان زۆر بێت و هەندێکیان بوونە کێوی ئەم زیادبوونە خێرایە بووە هۆی لە ناوبردنی ڕووکی ئەم دوورگەیە ولە کۆتاییدا بووە هۆی تێکدانی ژینگەی ئەم دوورگەیەو کە وای لێهات کەروێشکەکان خواردنیان دەستنەکەوت ولە ناو چوون و لە گەڵ خۆشیان ژمارەک بوونەوەریان لە ناوبرد و بوونە هۆی تێکدانی هاوسەنگی ژینگەی ئەو دوورگەیە.

# ج- زیاد بوونی گەشەی ئابووری

گەشەی ئابووری بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ تێکدانی هاوسەنگی ژینگە، بە هۆی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان کە وای کرد خواست زۆر بێت لە سەر هەموو بەرهەمەکان لە گشت کەرتەکانی ئابووریدا، وە بەکاربردنی سەرچاوە سروشتییەکان بە ئاستێکی بەرز وە بەردووام بوونی ئەو گەشەیە بە ڕێژەیەکی بەرز زیان بە هاوسەنگی ژینگە گەیاند.

# بەشی دووەم : پەیوەندی ئابووری بە ژینگە

## یەکەم:- پێناسەی ئابووری ژینگە

بریتییە لەو زانستەی کە پێوەری ژینگەیی بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەیی پەیوەندی لە نێوان زانستی ئابووری و زانستی ژینگە بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی ژینگەیی لە گەڵ زامنکردنی گەشەو پەرەپێدانی ئابووری بەردوام.

# دووەم:- پەیوەندی لە نێوان ئابووری و ژینگە

پێش ئەوەی پێوەندی لە نێوان ئابووری و ژینگە روون کردنەوە پێوەستە جێاوازی دیارکەین لە نێوان گەشە وپەرەپێدان و پەرەپێدانی بەردەوام.

١- گەشە ( النمو )

گەشەی ئابووری بریتییە لە زیادبوونی تێکرای قەبارەی بەرهەمی نەتەوەیی بە شێوەێک کە زیاتر بێت لە ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان.

٢- پەرەپێدان:- پەرەپێدانی ئابووری بریتییە لە کرداری زیادبوونی تێکڕا و قەبارەی بەرهەمی نەتەوەیی بە جۆرێک زیاتر بێت لە زیادبوونی تێکڕای زیادبوونی دانیشتوان و بەردەوام بێت بۆ کاکێکی درێژ و کە ببێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات.

٣- پەرەپێدانی ئابووری بەردەوام: بریتییە لە تێرکردنی پێداویستیەکانی نەوەی ئێستا بەبێ کەمبوونەوەی توانای نەوەی داهاتوو لە تێرکردنی پێداویستیەکانیان

# پەیوەندی لە نێوان ئابووری و ژینگە

دەتوانین بڵێین پێوەندیکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان ئابووری و ژینگە دا هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی ڕاستەقینەی کارو بەردەوامی لە هەر یەکیکیاندا.

ئابووری هەمیشە بوونی هەیە لە سیستەمی ژینگەیی دینامیکی و کراوەیە وە بەشێک لە سیستەمی ژینگەیی لە خۆی دەگرێت کە پشت دەبستێت بە چالاکی ئابووری جۆراو جۆر ئینجا بەرهەمهێنان یان بەکاربردن بێت .

وە بەردەوام بوونی چالاکی ئابووری جۆر بە جۆرەکان لە بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی زیادبوونی خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی وە لە لایەکی تر دەبێتە هۆی زیادبوونی پیسبوونی ژینگە بە هۆی سوتاند و پاشماوەکانی چالاکی ئابووریەکان بۆیە پێویستە هاوسەنگیەک هەبێ لە نێوان ( بەرهەم و پیسبوون).

# شێوەی ئابووری ژینگە:

پێویستە پرۆژە پێشنیارکراوەکان یارمەتیدەر بن بۆ بنیاتنانی ئابووریەکی بەردەوامی ژینگەیی، وەک لەم خاڵانەی خوارەوە روون دەکەین:-

١- گۆڕینی کەرتی وزە (سووتەمەنی بەردین)لە نەوت و خەلووز و گازی سروشتی بۆ وزەی با و تیشکی خۆر و هایدرۆجین و کەرمی ناخی زەوی.

٢- دووباره به‌کارهێنانه‌وه  یان دووباره دروستکردنه‌وه که له ئابووری ژینگه بایه‌خێکی زۆری پێده‌درێت، بریتییه له کرداری گێڕانه‌وه‌و چاره‌سه‌ری پاشماوه‌کان بۆ به‌گه‌ڕخستن و به‌رهه‌مهێنانی کاڵای نوێ وه‌ک (ئاسن، قووتوی ئه‌ڵه‌منیۆم، دار، پلاستیک،کاغه‌ز، شووشه) له ڕێگه‌ی چه‌ند قۆناغێک که‌بریتیین له :-

أ- کۆکردنه‌وه‌ی پاشماوه‌کان

ب- دووباره دروستکردنه‌وه‌ی بۆماده‌ی نۆی

ج- فرۆشتن و کڕینی

٣- گۆڕینی شێوازی بەکارهێنانی خاک وەک چاندنی چڕ بۆچاندنی کەم و جێهێشتنی خاک بە بەیاری بۆ ماوەیەک بۆ دووبارە خۆ نوێکردنەوە و دووبارە چاندنەوەی دار و دروستکردنی کێلگەی دارستانی دەستکرد.

٤- پاراستنی سامانی ماسی بە کەمکردنەوەی ڕاوکردنی ماسی دەریا بۆ - ئاستی بەرهەمهێنانێکی بەردەوام، واتە گونجاندنی ڕاوکردن لە گەڵ توانای نۆی بوونەوەی سامانی ماسی وە دامەزراندنی کلێگلەی بەخێوکردنی ماسی.

٥- کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان، ئابووری ژینگە پێویست بەوە دەکات ژمارەیەکی نەگۆڕ لە دانیشتوان هەبێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وەک سیاسەتی یەک منداڵ لە چین پەیڕەو دەکرێت.